www.kurdistannet.org
2-6-2003 11:12

# یەکێتی نیشتمانی کوردستان
# لە هەناوی ڕووداوەکانی مێژووی شۆڕشدا

سەروان ڕەشید
siagwez2002@yahoo. com

قۆناغەکانی بن دەستی نەتەوەکان لە جیهاندا هەمیشە سەرکردەی جۆربەجۆری تێکۆشەری هێناوەتە مەیدان، کە جەربەزانە پێشڕەوی میللەتەکەی خۆی کردووە و تێکۆشەریشی یەکەم هۆکاربووە بۆ کۆبونەوەی زۆرینەی ئەو نەتەوەیە لێی، تا هەنگاوەکانی ڕێگای ئازادبوونی لە بن دەستی ببرن و بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون هەنگاو هەڵگرن.

کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە بە هۆی بندەستی و زۆرداریەوە و بە هۆی سەرکوت کردنی بە ئاگر و ئاسن لە قۆناغی جولانەوەی چەکداریدابووە کە هەریەك لە عوبەیدوڵای نەهری و شێخ محمود و شێخی پیران و سمکۆی شکاك و قازی و بارزانی رابەرایەتی سیاسی ئەو غۆناغانەیان کردوە، کە خەباتی خۆیان لە ناو گڕپەی ئاگر و پیلانی دوژمناندا درێژە پێداوە و بەئاکامی باشیشیان گەیاندوە. .

ی ن ك، وەك هێزێکی سەرەکی لە باشوری کوردستاندا کە بەشێوەیەك ڕۆڵی هەبووە لە بزاڤی سیاسی و جولانەوەی چەکداری دا لە سەردەمی بارزانی گەورە پیاوی سەدەی بیستەم، کە لە سەرەتاوە و پێش دامەزراندنی ی ن ك دەستەی دامەزرێنەرانی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان دابوون، کە بارزانی سەرۆکایەتی دەکرد لە کاتی پیلانی الجزائیردا هاتە راگەیاندن و درێژەی بە کاری خۆیدا.

پەرشو بلاوکردنەوەی شۆرشی کورد لە ١٩٧٥ دا کە بە پیلانێکی نێودەوڵەتی ئەو ئەنجامە وەرگیرا، نەبوە هۆی ئەوەی کە پێویستە کورد واز لە شۆرش بێنێت و ئەنجامی سەرنەکەوتنی لە بزاڤی چەکداری بدات بەدەستەوە چونکە شۆرش بەردەوام بوو، وە ئەمەش دروست بوونی ی ن ك / ی نەکردە پێویستییەك، بەڵکو دەستەی دامەزرێنەرانی ( ی ن ك) هەر لەسەرەتاوە و پێش ٧٥ لە گەڵ بارزانی دا لە کارو باردا یەکیان نەدەگرتەوە، بۆیە لە کاتی نسکۆی شۆرشدا بۆ دامەزراندنی ی ن ك دەکرا بە دەرفەت بگیرێ کە بە هەندێ دروشمی جۆر بەجۆرەوە هاتەمەیدان، لە حاڵێکدا بارزانی لە دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی و هتد. . بێ مەیل نەبوو. بەڵام جیا بونەوەی دەستەی دامەزرێنەری ی ن ك پەیوەندی بەو ناکۆکیانەوە هەبوو کە لە نێوان ئەوان و بارزانی دا هەبوو، بۆ نمونە هەندێك لەو ناکۆکیانە بەم شێوەی خوارەوە سەری هەڵدا :-

لە ساڵی ١٩٥٥ تالەبانی نامەیەك بۆ بارزانی دەنوسێ و ئاماژە بە بارودۆخی ( م. س) دەکات و بە شێوەیەك پۆلێنی دەکات کە پێویستە گۆران لە مەکتەبی سیاسیدا بکرێ. .

وە بێ ئاگاداری بارزانی تالەبانی لە ساڵی ١٩٦٢دا نوێنەری ئێران لە ( عیساوا) دادەنێت و نوێنەری خۆیشی ( واتا پارتی) بۆ ئێران دەنێرێت کە ئەمە تەواو پێچەوانەی بۆچونەکانی بارزانی بوو.

وە ساڵی ١٩٦٣ تالەبانی بەسەرۆکایەتی وەفدێکی پایەبەرز بۆ وتووێژ دەچێتە بەغدا، بەڵام تالەبانی بێ پرسی پارتی لە بەغداوە دەچێتە قاهیرە و پاریس و پاشان دەگەرێتەوە کوردستان، کە ئەندامانی وەفدەکە لەلایەن بەغداوە گیران و ئەشکەنجەدران کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی بۆچونەکانی بارزانی بوو.

وە ساڵی ١٩٦٤ بە بریارێك تالەبانی لێپرسراوێتی ئامرهێزی لێسەندرایەوە، کە ڕەنگە بۆ ئەوەبوبێ کاری تری پێ بسپێردرێ بەڵام لە ئاکامدا لە قەرەداغ پێکدادانێکی چەکداری لە نێوان تالەبانی و هەندێ پێشمەرگەی شۆرشدا ڕویدا، کە ڕودانی پێکدادان لە ناو هێزەکانی شۆرشدا بارزانی نارەحەت دەکرد.

وە هەر ساڵی ١٩٦٤ تالەبانی لە شۆرش جیابووەوە و چووە هەمەدان کە لە ١٩٦٤/٧/١ پارتی کۆنگرەی شەشی خۆی بەست بەڵام تالەبانی و خوالێخۆشبوو برایم احمد بەشداریان نەکرد کە بارزانی رایسپاردن بەشداربن و سەرجەم گیرو گرفتەکانیان بخەنەروو بۆ چارەسەرکردن، بەڵام ئەوان بەشداریان نەکرد کە بەشدارنەبونیان کۆنگرەی دوانەخست، کۆنگرە کارەکانی خۆی کرد و

هەڵبژاردن کراو داوا لە ( م. س) ی کۆن کرا دەوروتەسلیم لەگەڵ مەکتەبی سیاسی نوێی هەڵبژێردراوی کۆنگرە بکەن، کە ئەم داواکردنە بوە هۆی پێکدادانی چەکداری لەنێوانیاندا، کە پێکدادانی لەو جۆرە سودی بە دوژمن دەگەیاند بۆ زیاتر کردنی دوو بەرەکی سلبی لە ناو شۆرشدا بەتایبەت لە سنورەکاندا بۆیە بارزانی بە ناچاری رایگەیاند ( ئەگەر ئێران سنورەکانی خۆی لەگەڵ شۆرش نەپارێزێ ناچاردەبم شۆرشێك لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرپابکەم) دوابەدای ئەو لێدوانەی بارزانی تاڵەبانی و هەڤاڵانی لە هەمەدانەوە بۆ تاران گواسترانەوە کە تا ساڵی ١٩٦٥ی خایاند و پاشان تاڵەبانی لە حاجی ئۆمەرانەوە گەرانەوە لای بارزانی و دووبارە لە پارتیدا کاری خۆی بۆ دیاری کرایەوە.

وە ساڵی ١٩٦٦ تاڵەبانی چووە بەغدا و خوالێخۆشبوو برایم ئەحمەدیش لە تارانەوە بە فرۆکە گەیشتە لای، کە ئەو چونەی تاڵەبانی و خوالێخۆشبوو برایم احمد بۆ بەغدا خەڵکی نائومێد کرد چونکە حکومەتی ئەوسای عێراق سودی لە توانای ئەوان وەردەگرت بۆ زیاندان لە شۆرش، کە ئەمەش تەواو بارزانی رەتی کردەوە و پێی وابوو هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە کە تاساڵی ١٩٧٠ تاڵەبانی و خوالێخۆش بوو برایم احمد لە بەغدا مانەوە کە گەراشنەوە ناو شۆرش، شۆرش داوای لێکردن کە رێکخراوێکی سیاسی رابگەیەنن و بەناوی ئەو رێکخراوەوە چالاکی بکەن کە ( پارتی شۆرشگێری کوردستان) یان راگەیان، و پاش ماوەیەکیش پارتەکە هەڵوەشێنرایەوە و سەرجەم ئەندامان و هەڤاڵانی پارتی ناوبراو گەرانەوە ناو شۆرش بە تاڵەبانیشەوە.

بەم شێوەیە ناکۆکییەکان درێژەیان دەکێشا و دووبارە دەبوونەوە تا ساڵی ١٩٧٥ شۆرش نسکۆی بەسەرداهات، و دەستەی دامەزرێنەرانی ی ن ك کە وەك با سمکرد ناکۆکیان هەبوو لەگەڵ بارزانیدا بەتەواوی جیابوونەوە و خەباتی خۆیان لە چوارچێوەی رێکخراوێك بە ناوی ( یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ، بە قۆستنەوەی دەرفەتەکان بە ئاراستەی بەرژەوەندی خۆیاندا درێژە پێدا. .

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەك هێزێکی سەرەکی لە ناو بزوتنەوەی چەکداری باشوری کوردستان کە زیاتر وەك هێزێکی ناتەبای ناو بزوتنەوەکە دەهاتە پێشەوە زۆر جار رۆڵی سەرەکی دەبینی لە بەرگری کردن لە خاکی کوردستان.

بەلاّم ئەوەی جێی باسە ئەوەیە کە ی ن ك و زۆرینەی لایەنەکانی بزوتنەوەی چەکداری باشوری کوردستان ناکۆکی و پێکدادانی چەکداری روی داوە لە نێوانیاندا کە سودی گەیاندوە بە دوژمنان و هەلّی بۆ رەخساندوون تا تۆویی دووبەرەکی زیارتر بچێنن. .

زۆر جاریش پێکدادانەکان کە قوربانی زۆری لێدەکەوتەوە بە ویسی ی ن ك نەبووە بەلاّم ی ن ك رۆڵی نەگێراوە لە دامرکاندنەوەی کێشەکان بەڵکو لەبەرام بەر هەنگاوێکی سەرهەڵدانی کێشەکە ی ن ك دووهەنگاوی ناوە بەم جۆرەش کێشەکان لە سەرهەڵدانەوە دەبونە راستی و گیرۆدەکردن و مەشغوڵ کردنی بزوتنەوە چەکدارییەکان. .

مامۆستا عەبدوڵلاّی حەسەن زادە لە کتێبەکەی خۆیدا ( نیوسەدە تێکۆشان) نوسیویە، هێزێکی ئێمە واتا حزبی دیموکرات، لە دەوروبەری ( پیرانشار) کەوتنە شەرێکی سەختی رژێمی ئێرانەوە، لەو کاتانەدا مام جەلال بەخۆیی و هێزێکی زۆرەوە هات بە هەنامانەوە و هاوکاری کردین کە بوەهۆی یەکلا کردنەوەی شەرەکە بە باری بەرژەوەندی ئێمە. وەهەر لە کتێبەکەی دا نوسیویە ( بەداخەوە بەهاوکاری برادەرانی ی ن ك رژێمی ئێران توانی گەورەترین زەربە لە حزبمان بدەن) . وە هەروەها قادر رەشید، لە کتێبەکەی خۆیدا باس لە پێکدادانی چەکداری دەکات لە پشتئاشان و بەروداوێکی چاوەرروان نەکراو و تۆقینەری ناو بزافی چەکداری باشوری کوردستانی دادەنێت کە لە ١٩٨٣ دا لە نێوان حشع و حسك و پاسۆك و ی ن ك دا رووی داو ی ن ك دەستی گرت بەسەر ( م ٠ س) هەرسێ لایاندا. .

هەروەها سەید کاکە لە کتێبی ( بیرەوەری پێشمەرگەیەك) دا لە لاپەرە ٢٤٣ دا دەنوسێت :- لە ساڵی ١٩٨٨ شەری عێراق و ئێران تەواو بوو ئەو سوپایەی لەو شەرە گەرایەوە هەمووی رووی لە کوردستان کرد، بریاری دا کوردی هەموو گوندەکان کیمیاباران بکات و ئەوی گیرا ! ئەنفالی بکات ئەوەی ماشەوە رویان لە شارەکان کرد بەلاّم یەکێتی نەیهێشت خەڵکی گوندەکانی گەرمیان و قلاسێوکە هەڵبێن، کە سوپا هات پێشمەرگەکانی یەکێتی تەقەیان نەکرد و ماڵ و مناڵی گوندەکانی گەرمیان و قەلاسێوکە ١٢٠ هەزار ژن و مناڵ و پیاو دەبوون ئەنفال کران و کوژران. . کە لەلاپەرە ٢٤٥ دا دەنوسێت دەبوایە یەکێتی ئەو بەپرسانە سزا بدات کە لێپرسراو بوون بەرام بەر بەو تاوانە.

www.kurdistannet.org

وه لەكتێبی پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێ دەنگیدا لە لاپەرە ٥٩ دا ئەبو شوان دەنوسێ :- كەم تەرخەمی و بێ ئەزمونیی بوو كە ئەو ژیلەمۆی ئاگری شەرانە نەكوژایەوە و بەداخەوە لە ساڵی ٩٤ دا و لەو بارودۆخە یەك جار ناسكەی كوردستاندا دیسان ئەو ژیلەمۆیانەی ژێر خۆڵەمێشی شەر بوو كە ئاگری شەرێكی نوێی هەڵگیرساند لە نێوان یەكێتی و پارتی و هەندێك لایەنەكانیتردا ( كە مەبەستی ی ن ك و پەكەكە + بزوتنەوەی ئیسلامی + حدكا ... هتد. .) شەرێك بەشێوەی وەرچەرخانی نوێوە كە لە مێژووی ئەو ٣٤ ساڵەی ناكۆكی نێوانیاندا بەو شێوەیە كوشندە و ماڵوێران كەر نەبووە و لە بارودۆخێكی وا ناسكدا كە نەك هەر لەو ٣٤ ساڵەدا بەڵكو لە تەواوی مێژووی باشوری كوردستاندا بارودۆخی واناسك نەبووە.

دیارە گشت ناكۆكیيەكانی ناوبزتنەوەی چەكداری لە باشوری كوردستان بە شەری ناوخۆی ئەم دوایانەشەوە لایەنێكی شەرەكان ی ن ك بووە و تەنازل نەكردنیش لە پێناو بەرژەوەندی بزرتنەوەی چەكداری هۆكاری درێژە كێشانی ناكۆكیيەكان بووە كە مەزەندە دەكرێ زیار لە ١٥ هەزار پێشمەرگەی تێكۆشەر بوبنە قوربانی ناكۆكیيەكان و زیاتر لە ٢٥ هەزار خێزانیش ئاوارەبووبن لەو پێناوەدا.

تێبینی كوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەرۆكەكەی بەرپرسیار نییە.